# بەناوی ئاسایشەوە تیرۆرمان مەکەن تکایە!

## کەمال ڕەئوف

هەڵەیەکی گەورە ئەکەین ئەگەر هات وبە تەنها ماناو ناوەرۆکی چەمکی تیریۆرمان بەستەوە بەهەڵسوکەوت و ئەو توندوتیژیانەی کە ئەمڕۆ لە بەرئەنجامی کاری هێزە ئیسلامیەکانیان دەبینرێتەوە, ئەشێ لەم ڕۆژگارەدا بلێین ئەوان لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و دروستکردنی توندوتیژی و بەهرەداری لەتیرۆر بەشی شێریان بۆخۆیان بردوە, بەلاَم هەڵەیەکی کوشندیە ئەگەر هالات و لامان وابوو کە بەتەنها هەر ئەوان کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و هەر ئەوانیشن کە بڕوایان بەتیرۆرهەیەو کار بە مەنتیقی تیرۆر دەکەن, لە ڕاستیدا چەمکی تیرۆر زۆر لەوە فراوانترە کە بتوانیت ئارەزومەندانەو مەتاتیانە بیبەستیتەوە بە دیاردەیەکی دیاریکراوی ناوکۆمەڵ یان لایەنێکی سیاسی دیاریکراوەوە, دیارە تیرۆریستانیش لەهەمان کاتدا تەنها ئەوکەسانە ناگرێتەوە کە سەر بەلایەنێکی سیاسی دیاریکراو بن, ئەشێ کەسێك سەر بەلایەنێکی تاڕادەیەك میانە ڕەویش بێت بەلاَم لەهەمانکاتیشدا کەسەکە تیرۆریست و توقێنەر بێت, بەکورتی ئەتوانین بلێین تیرۆرو تیرۆریستان ئەوکەس ولایەن و دەزگایانەن دەگرێتەوە کە هەوڵی ئەوەدەدەن خەڵك لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن و کوشتن و زۆرەملێیەتیەوە ڕازی بکەن بە کارێك ,بیروباوەڕێك بە سیاسەتێك یان بەدەسەلاَتێك کە خۆیان بەدڵیانەو دەیانەوێت, ئەکەر لەم سۆنگەیەوە سەیری ڕوداوەکانی چەند ساڵی ئایندە بکەین بەئێستاشەوە, ئەوا بێ گومان هێندەی ناو هێزە ئیسلامیەکان تیرۆرو تیرۆرستان لە ناو دەزگاکانی  ئاسایشی کوردستاندا دەبینینەوە, چونکە بەدرێژایی دوروستبوونی دەزگاکانی ئاسایشی کوردی هەمیشە ئەوان لەپاڵ لایەنێکی سیاسی و لە بەرەیەکی کێبەرکێدا بوون, کە لەڕاستیدا دەبوو دەزگاکانی ئاسایش  لەکارەکانیاندا بێ لایەن و سەربەخۆبوونایە,سەربەخۆ نەبوونیان و پاشکۆیەتیان وەك هەردەزگایەکی تری حیزبیو پابەستبوونیان بە ئایدۆلۆژی دەسەلاَتەوە وای کردوە کە ئەوان هەمیشە لاسەنگی و چەوتیەك لەکارەکانیاندا هەبێت و نەتوانن وەك دەزگایەکی سەربەخۆ و مەدەنیانە کاری خۆیان ڕاپەڕێنن, لەوەش زیاتر زۆر جار لەکارەکانیاندا وەك دەزگایەکی داپڵۆسێنەرو توقێنەر(تیرۆرکەر) هاتونەتە پێش چاوی خەڵك و لەلای زۆرینەی جەماوەرەوە بەچاوی بەد وبەگومانەوە سەیرکراون.

لەم ڕۆژانەدا بەرپرسێکی باڵای ئاسایشی سلێمانی لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی مانشێتێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەو بلاَوکراوەیەیی بە وە تۆمەتبارکرد کە هانی تیرۆر دەدات, من پێم وایە  سەرنجەکەی ئاسایش لەمەڕ ئەو مەسەلەیە ئەگەر لە جێگەی خۆیدا بێت و ئەوە بخوازێت کە بۆ ئەوەی کەنەکەوینە ناو خانەی تیرۆرو تیرۆریستانەوە, دەبێت ئیتر لە کوردستان ئەو مەنتیقە پیادەبکەین, بلێین بۆ ئەوەی کەچیتر دیاردەی خۆکوژی نەمێنی واپێویست دەکات چیتر باس لە قوربانیەکان نەکەین, بۆ ئەوەی دیاردەی هەژاری نەمێنێت چیتر دەبێت دەست بەدەمی خۆمانەوە بگرین و باسی گرانی بازارو برسێتی خەڵك نەکەین, بۆ ئەوەی بەر بەترسی هاتنە ناوەی لەشکری تورکیاو ئێران بگرین دەبێت باسی خۆئامادەکردنی لەشکری ئەوان و توبارانکردنی ناوچەسنوریەکان نەکەین, بەکورتیەکەی بۆئەوەی بەر بەتیرۆرو تیرۆریستان بگرین دەبێت  دەمی ڕۆژنامە ئەهلیەکان دابخەین.

سالی  2000 دا  ئەوکاتەی کە ئاسایشی سلێمانی چەند کادرو هەڵسوڕاوی حیزبی کۆمونیستی عێراقی کوشت و بنکەو بارەگاکانی داخستن, مام جەلال بەهۆی نوسینی  نارەزایەتیەکەوە کە ئیمزای چەند کەسی نوسەرو ڕۆشنبیر لەوانە چەند کادری ناسراوی ناو یەکێتیشی تیابوو داوی چاو پێکەوتنی لێکردن و لەوێدا بەرێزی وتی: لێدانی حیزبی کۆمۆنیست بۆمن ئەو زیانەشی هەبوو کە لەچەندین شوێن مناسەبەدا دەموت ئێمە دیموکراتین و ئەوەتا لە بن دەستماندا گروهی بچوك قسەو جنێویشمان پێدەڵین و قسەش ناکەین, ئێستا ئەوان بەم کارەیان دەمی منیشیان لەو قسەیە بەست.

دیارە ئاسایش لەوە بێ ئاگایە کە دەسەلاَتی سیاسی کوردی سەرباری نیگەرانیەك کەلە ڕۆژنامە ئەهلیەکان هەیەتی بەلاَم لەپاڵ ئەوەدا لە بوونی ئەوان چ پروپاگەندەیەکی دیموکراتی و مەدەنیەت لای دۆستەکانی بۆخۆی دەکات, یان چیتر ئەوان لە حیزبیەکان حیزبی ترن و ناتوانن بەرگەی ئەو دەنگو ڕەنگە جیاوازانە بگرن و  دەیانەوێت بەقۆستنەوەی هەڵەیەکی بچوك هەڵمەتێکی گەورە بۆ سەر ڕۆژنامە ئەهلیەکان و بەتایبەت بۆ سەر هاولاَتی دەستپێبکەن و ئەو دەرگاو پەنجەرانەش دابخەن کە بەهۆی ئەوانەوە دەزووە تروسکاییەکی ئازادی و دیموکراتی لێوە یەتەناوەوە, خۆ ئەگەر ئەوەشیان کرد ئەوکاتە دەبێت بزانن کە داخستنی هەر ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لەئێستا زیاتر زمانی سیاسیەکان و دەسەلاَت کلیل دەکات و لەئاکامدا دەکاتە ئەوەی کە چیتر ئەوان لەهیچ شوێنێك و مناسەبەیەکدا نەتوانن و لە ڕویان نەیەت ناوی ئازادی و دیموکراتی و مەدەنیەت بهێنن.